وێنەیەکی تەرجەمەکراوی
دەقە عەرەبییەکەیە

**بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان**
**بەناوی گەلەوە**
**ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی – عێراق**
**ژمارەی دەرهێنان:16**
**رۆژی دەرهێنان: 2002/10/16**

پشت بە حوکمەکانی برگە (1)ی ماددەی (56)وماددەی(53) لە یاسای ژمارە (1)ی هەمواركراوی ساڵی (1992) و، لەسەر داوای ژمارەی یاسایی لە ئەندامانی ئەنجومەنی نیشتمانیی وئەو یاساکارییەش کە ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق لە دانیشتنی ژمارە(3)ی رۆژی (2002/10/15)یدا ئەنجامی داوەو، بە پێی ئەو دەسەڵاتەش کە برگە(3)ی ماددەی دووەمی یاسای ژمارە(10)ی ساڵی 1997 پێمانی داوە، بریاری دەرهێنانی ئەم یاسایەی خوارەوەی دا:

## یاسای ژمارە(16)ی ساڵی/2002
## یاسای تەسدیقکردنی رێکەوتننامەی واشنتۆن بۆ دابینکردنی ئاشتی لە هەرێمی کوردستانی عیراق کە لە نێوان هەردوو سەرکردایەتی پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتی نیشتمانیی کوردستاندا بەستراوە

**ماددەی یەکەم:**

رێکەوتننامەی رۆژی (1998/9/17)کە لە واشنتون لەلایەن رێزدار مسعود بارزانی سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان و رێزدار جلال تالەبانی ئەمینداری گشتی یەکێتی نیشتمانیی کوردستانەوە بۆ دابینکردنی ئاشتی لە هەرێمی کوردستانی عیراقدا، ئیمزا کرابوو، تەسدیق دەکرێت.

**ماددەی دووەم:**

ئەم یاسایە لە رۆژی دەرهێنانییەوە دەخرێتە بەرکارو لە (وەقایعی کوردستان) دا بڵاو دەکرێتەوە.

**د.رۆژ نوری شاوەیس**
**سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی ـ عێراق**